# بەرەو ڤیستیڤالی ئەڤین

ئیسماعیل شەمزینی
2005/4/23
کوردستان – دهۆك

لە ئێوارەیەکی خەنەیی و پر لە هەناسەی غوربەتەوە
رێگەی شارە بێ بەزەییەکەم گرتە بەر
کە سالأنێکە منی ئەڤیندار
بە هەموو سۆزەکانمەوە دەم سوتێنێت

هاتوم ...
بۆ یادی سەدو حەوت سالەی بەدرخانیەکان و
نۆ سالەی ئەشقی تۆ
هاتوم ...
ڤیستیڤالی پشکوتنی چرۆکان ساز بکەم
ڤیستیڤالی مەست بونی لێوەکان و
سەمای ناو دەستەکانت
هاتوم ...
بە لێزمەی بارانی چاوەکانت
وەك ئەشکی گەلأی گولە نازنازەکان
تەڕ تەڕم کەی
هاتوم ...
تا لە ناو ئەفسونی چاوەکانتا بتوێمەوەو
ببمە دلۆپێك فرمێسك و
لە سەر گۆناکانت قەتیس ببم
هاتوم ...
تا لە ناو ئێوارە کۆڕەکانی ئەم ڤیستیڤالەدا
کۆڕێك ساز بکەم و
ئەشقی شێتانەمان
لە پەیامێکی رۆژنامەوانیدا بنوسمەوە و
هەموو سالێك بتکەم بە رۆژی خۆم و
یادی ئەم ڤیستیڤالەت بکەمەوە
ئازیزەکەم ....